# سەرەك وەزیرانی سوید خەون بە قوشتەپەوە دەبینیّ. . !

نورەدین سەعید وەیسی

زۆرگلەییم لە وەزارەتیدەرەوەی سوید نییە كە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا كە بەم دواییە لەڕۆژنامەی برایەتیدا خوێندمەوەو ( (دڵنیاش نیم كلك وگوێیان بۆ نەكردبیّ) ) كوردستانی بەمێرگی دیموكراسی وهێندە ئازاد وریزگر لە مافەكانی مرۆڤ وە سف كردبووكەستۆكهۆڵم بە بەراورد لەگەڵ هەولێرو دهۆك وسلێمانی، تەوێڵەو بیارەیە. . !

بۆیەش زۆر مایەی گازندەنییە، چونكە كە بەرپرسانی سوید وبەرپرسە بیانییەكانی تربەسەردان دێنە باشوور جگە لەكۆشك وتەلارە ڕازاوەكان وهوتێلە چەند ئەستێرەییەكانی كوردستان هیچ شوێنی تر نابینن، بەدەر لەبەرپرسانی كوردستان ( (كە هەمان ڕەگەزنامەی میوانەكانیان لە باخەڵە) ) كەسی ترنادوێنن تا بزانن ئەزموونی كوردستان بەڕاست شایانی ئەوەیە میدالی دیموكراسی بە بەرۆكەوە بكریّ یان نا؟

مەگەر تەنها بەرپرسانی وەزارە تی دەرەوەی سوید، دەنا ئەوەی چوار دێرونیوی لەبارەی دیموكراسییەوە خوێندبێتەوە دەزانیّ كە نوكتەیەكی زۆر بیّتامە باس لە دیموكراسیبوونی شوێنێك بكریّ كە:

- سەرۆك وسكرتێری حزبەكانی بەچەپڵە (هەڵبژێردرێن) وتا بەبەهەشتی پان وبەرینیش شاد دەبن هەر لەشوێن وپۆستی خۆیان بن.
- نەك ئازادی ڕۆژنامەنووسی، ئازادی ڕۆژنامە فرۆشتنیشی تیا نەبیّ.
- خەڵك نەزانیّ داهاتی وڵات چەندەو چۆن خەرج دەكریّ.
- پەرلەمانتارەكانی هەمیشە دەستی ( (بەڵیّ) ) یان بەرز بیّ وهەموو بڕیارەكانیش بە تێكڕای دەنگ بن.
- مووچەی بەرپرسەكانی ڕۆژبەڕۆژ زیاترو مەعاشی فەرمانبەرەكانیشی بەرەوخوارتربیّ.
- ئاسایش بۆی هەبیّ لەسەر نووسین لە ڕۆژنامەنووسان بپێچێتەوەو، لێش نەگەڕیّ دۆلار دابەزیّ.
- خۆنیشاندان ومانگرتن قەدەخەبن، چونكە هەڕەشەن بۆ سەر ئەزموونە دیموكراسییەكەی.
- شارەكانی لەجیاتی ئەوەی بە پارك وكتێبخانەوە ناسراو بن، بە زیندانەكانیەوە ناودەر بكەن.

باشە كیّزیاتر هەقی هەیەشایەتی لەسەر دیموكراسی بوونی ئەزموونەكەمان بدات، خەڵكی كوردستان خۆیان یان چەند ئەفەندییەكی كەشخەی نێو باڵەخانەیەكی چەند نهۆمی پایتەختێكی ئەوروپایی. . ؟

بەڕاستی سەیرە لە ستۆكهۆڵم، خۆهەرساڵێك لەمەوبەربووكە فادیمە كوژرا سویدو ماسمیدیاكەی هەمووكوردیان بەوەحشی ودژەشارستانی دایە قەڵەم، خێرە ئەمڕۆ ئەم وەحشییانە ئەو فیردەوسە دیموكراسیەیان سازكردووەكە بەپێی ڕاپۆرتەكەی (برایەتی) بێت، پێدەچیّ (یۆران پۆرشۆن) ی سەرەك وەزیرانی سوید هەموو شەویّ خەون بەوەوە ببینیّ كە ببێتە سەرەك شارەوانی قوشتەپە ( (لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو برایە كەنازانم ناویشی چییە بەڵا م دڵنیام دووماشێنی زبڵ فرێدانی نییە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوكاری فەرمانگەكەی) ) . .

nuradinwaisi@hotmail.com

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣